بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

پشت بە حوکمی بڕگەی(١) لە ماددەی(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٣)ی رۆژی ٢٦/٩/٢٠١١ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١١

یاسای جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(١٧) بۆ ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

### ماددەی یەکەم:

جێبەجێ کردنی یاسای بنەمای دادگاییە سزاییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە(١٧) بۆ ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق و کارکردن بە حوکمەکانی.

ماددەی دووەم:

یەکەم: پیادە کردنی بڕگەی(دووەم) لە ماددەی(٢٨) لە یاسای سەرەوە ڕادەگیرێ و ئەمەی خوارەوەی لە جێی دادەنرێ:

(دووەم: وەزیری ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق لە پێکهێنانی دادگایەك یان زیاتر لە هەرێم شوێنی وەزیری ناوخۆی فیدرالْ دەگرێتەوە).

دووەم: کارکردن بە بڕگەی(سێیەم)ی ماددەکە لە هەرێم رادەگیرێ.

ماددەی سێیەم :

دامەزراو فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلەو پایەکانیان شوێنی دامەزراو و فەرمانگە فیدرالیەکان و خاوەن پلە و پایەکانیان دەگرنەوە لە هەر شوێنێکی یاسایەکەدا هاتبێ.

ماددەی چوارەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی پێنجەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیار ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

ماددەی شەشەم :

ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی(٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

د. ئەرسلان بایز اسماعیل

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

---

تێبینی/ یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی، بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم/٢ لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.